# ژن لە راگەیاندنی کوردیدا

## بەشی سێیەم و کۆتایی


**پێگەی ژن لە راگەیاندنی کوردیدا**

قسەکردن لەسەر پێگەی ژن، قسەکردنە لەو شوێنەی ژن لە پانتایی پیشەی راگەیاندنی کوردیدا داگیری کردووە، قسەکردنە لەسەر پێگەی پیشەیی، پێگەی ئیداری و رۆڵی لە دارێژەریی ئەجندا و ستراتیژی راگەیاندنەکاندا، هەروەها پێگەی تەوزیف بوونی لە بەرهەمە میدیاییە کوردییەکاندا و مافی گەشەپێدانی و کرێی ئیشکردنی، هەریەکە لەمانە لێرەدا بە کورتی تیشکی دەخەینەسەر:

١- پێگەی پیشەیی: یەکێك لە گرفتەکانی کاری رۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستاندا ئەوەیە بە پیشە نەناسێنراوە و یاسایەك نییە تایبەت بە ماف و پشتگیری کاری رۆژنامەنووسی، نە لە ئاستی نیشتمان، نە لە ئاستی دەزگاکانی راگەیاندن، وەك دەبینرێت لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا نەك بە یاسا ئەم پیشەیە رێك خراوە و ناسێنراوە، بەڵکو ‹مافی رۆژنامەنووس لە دەزگاکانی راگەیاندندا› وەك یاسایەك دانراوە بۆ دەزگاکانی راگەیاندن، تاکو رۆژنامەنووس لە ناو دەزگاکانیشدا مافی پێشێل نەکرێت، بوونی ئەم بۆشاییە یاسایە لەم هەرێمەدا رۆژنامەنووسی زۆری کردووەتە قوربانی و مافی زۆر پێشێل کراوە بەگشتی و بۆ ژن بەتایبەتی، ئەویش لەبەر عەقڵییەتی کۆمەڵگە و رۆئیای بۆ کاری رۆژنامەنووسیی ژن کە رۆئیایەکی نێگەتیڤە و رەنگی داوەتەوە لە مامەڵەی بەرێوەبەری دەزگاکان بەرامبەری و زۆر جار مافی دەخورێت و بە مەزاج مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، بە حوکمی ژنبوونیشی کە هەندێك بارودۆخی تایبەتی هەیە، وەك: (هاوسەرگیری و منداڵ بوون و ...) زۆرجار رۆژنامەنووسە ژنەکان ئەو گلەییە دەکەن و دەڵێن: وەك رۆژنامەنووسی ژن مۆڵەتی دایکایەتی و مافی دایکایەتیمان نییە لە کارەکەمان، بگرە زۆر جار کە داوای مۆڵەت دەکەین، شوێنەکەمان دەگیرێت و بێکار دەبین.

٢-پێگەی ئیداری: ئەگەرچی ئەمە تەنیا پەیوەست نییە بە کوردستانەوە، یان بە ژنی کورد، بەڵکو لە جیهاندا بە هۆی دواکەوتنی چوونی ژن بۆ بواری رۆژنامەنووسی و لەبەر کۆمەڵێك هۆکاری وەك خوێندەواری و بەربەستی کۆمەڵایەتی و سیاسی، ژن تا ئیستاش پێگەی لە پۆستە ئیدارییەکان و لە دەزگاکانی راگەیاندندا وەك پێویست نییە. لە هەرێمی کوردستان بەرێوەبەری یەك کەناڵی سیاسی ژن نییە، یەك رۆژنامەی نەشناڵی، یان سیاسی سەرنووسەرەکەی ژن نییە. بە هەمان شێوە رادیۆیەکی نەشناڵی سەرتاسەری سیاسی، یان حزبی، بەرێوەبەرەکەی ژن نییە. بەرپرسی مەکتەبی راگەیاندنی یەك حزب ژن نییە.

**لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا ‹مافی رۆژنامەنووس لە دەزگاکانی راگەیاندندا› وەک یاسایەک دانراوە بۆ دەزگاکانی راگەیاندن، تاکو رۆژنامەنووس لە ناو دەزگاکانیشدا مافی پێشێل نەکرێت**



**پ.ی.د. نەزاکەت حسێن حەمەسەعید**

ئەگەر ژن سەرنووسەریش بێت، یان بەڕێوەبەری کەناڵ بێت، ئەوە کەناڵە کۆمەڵایەتی، یان هونەرییە لۆکاڵییەکانن بە زۆری، سەرنووسەریش لە رۆژنامەی ژنان، یان کۆمەڵایەتین ئەگەر هەبێت. نەك بەڕێوەبەر، بەرپرسی ژووری هەواڵ و سیاسەت دەگمەنە ژنێك بێت، بەتایبەتی کەناڵە گەورەوە سیاسی و حزبییەکان. رێژەی زۆریان یان لە پرسگەکانن، یان کارمەندێکی ئاسایین، یان ئەگەر پەیامنێریش بن، یان پێشکەشکاری بەرنامە بن، هەر لە چوارچێوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانن.

**٣-**بوونی لە بۆردو داڕێژەری ئەجنداو سیاسەتی کەناڵ یاخود دەزگای راگەیاندن: بوونی ژن گرنگە لەم پێگەیانە لانیکەم بۆ ئەوەی ئاگادار بێت کە پرسەکانی ژنان چۆن تەوزیف دەکرێن لە کەناڵەکاندا. بە پێی توێژینەوەیەك کە خوێندکارێکی زانکۆی سلێمانی لە ساڵی ٢٠١٧ کردوویەتی، لە ٢٪ ژن بوونی هەبووە لە بۆردی داڕێژەر و بەڕێوەبردنی کەناڵەکان و بڕیاردانەدا لە ١٠ کەناڵی تەلەفزیۆنی هەرێمی کوردستان کە نموونەی توێژینەوەکەی بووە.

**٤-**تەوزیف بوونی لەبەرهەمە میدیاییەکاندا: نەبوونی ژن لە پێگەی بڕیار لە دەزگاکانی راگەیاندن کاریگەری نەرێنی کردووەتە سەر تەحریرکردنی ئەو بابەتانەی لە بەرهەمە میدیاییەکاندا دادەبەزن. ژن لە فیلمی کوردیدا تەنیا یان دایکە، یان ژنی ماڵە، یان خەسووە، هەمان رۆڵە کۆمەڵایەتییەکەی پێدراوە، ئەویش بە لاوازی. لە بەرنامەکاندا بۆ میوانی بەرنامەکان و لێدوان وەرگرتن سەبارەت بە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان ژنان زۆر دەدوێندرێن، بەڵام بۆ پرسێکی گەرمی سیاسی زۆر بە کەمی ژن بانگ دەکرێت، یان رای وەردەگیرێت. لە گۆرانییەکاندا ئامرازێکە بۆ راکێشانی سەرنج و سێکس، تەنانەت لە ئەفلام کارتۆنیش ژن جێگەی گاڵتەپێکردنە!

**٥-**مافی گەشەپیدان و کرێی کارکردنی: بە پێی یاسای مافی رۆژنامەنووسی لە زۆربەی وڵاتان و جیهاندا رۆژنامەنووس مافیەتی بەشداری خول و راهێنان بکات. رۆژنامەنووسە ژنەکان لە وەڵامی راپرسییەکی سەنتەرێکی توێژینەوە لە کەناڵە تەلەفزیۆنییە کوردییەکاندا گلەیی ئەوە دەکەن کە زۆرتر بۆ خول و راهێنانەکان پیاوان بە رێژەیەکی بەرزتر بەشدارییان پێ دەکرێت، کرێ و گرێبەست لە بەشێکی دەزگاکانی راگەیاندنی کوردیدا بۆ ژن و پیاو وەك یەك نییە، بە پێی وتەی بەرپرسی لقێکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان کە دەڵێت: گلەییمان زۆر بۆ هاتووە لەو بارەوە لەلایەن ژنانی رۆژنامەنووسەوە.

**ژن تا ئێستاش پێگەی لە پۆستە ئیدارییەکان و لە دەزگاکانی راگەیاندندا وەک پێویست نییە. لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەبەری یەک کەناڵی سیاسی ژن نییە، یەک رۆژنامەی نەشناڵی، یان سیاسی سەرنووسەرەکەی ژن نییە**



# پێگەی ئافرەتان لە خولی داهاتووی پەرلەمانی کوردستاندا بەهێزتر دەکرێت

بڕیارە هەڵبژاردنەکانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لە کۆتایی مانگی ئەیلوولی ئەمساڵ (٢٠١٨) بەڕێوە بچێت، لە هەفتەی رابردووش پەرلەمانی کوردستان پەیڕەوی ناوخۆی هەموار کردو بە یاسا چەسپاندی کە دەبێت یەکێك لە ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان (سەرۆکی پەرلەمان، یان یەکێك لە دوو جێگرەکەی) ئافرەت بێت، چالاکانی سیاسی و مەدەنیش دڵخۆشیی خۆیان لەوبارەیەوە دەردەبڕن و بە هەنگاوێکی مێژوویی لە قەڵەمی دەدەن و جەخت لەوەش دەکەنەوە کە بە یاسا پێگەی ئافرەتان لە پەرلەمانی کوردستان و کۆی کۆمەڵگەدا بەهێزتر کراوە و ئەوەش زۆر کاریگەری ئەرێنیی لە پێشکەوتنی کۆمەڵگەدا دەبێت. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان، راوسەرنجی خۆیان لەو بارەیەوە دەخەنەڕوو.

گوڵان – کۆمەڵایەتی

سەرەتا پەرلەمانتار حەیات مەجید ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت: «نزیکەی سێ ساڵە خەریکی هەمووارکردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانین و دانیشتنی زۆری بۆ کراوەو خۆشبەختانە لە هەفتەی رابردوو بە تەواوەتی دەنگ لەسەر هەموو ماددەکانی پەیڕەوەکە درا، کە خۆی لە بنەڕەتدا (١٤٩) ماددە بوو، بەڵام هەندێك لە ماددەکان دەمج کران و هەندێکی پێ زیاد کران، لە کۆتاییدا پەیڕەوەکە ١٢٧ ماددە لەخۆ دەگرێت، کە گرینگترینیان بە رای من بەشی ٣یەمی ماددەی ١٠یەم بوو، کە چەسپاندنی ئافرەتێك بوو لە سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان، ئەوەش دەستکەوتێکی گەورە بوو بۆ مێژووی پەرلەمان و کاری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا. چەسپاندنی ئافرەتێك لە سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان دەستکەوتێك نییە تەنیا بۆ کاری سیاسی و پەرلەمانی، بگرە تەکانێکی زۆر گەورەیە لە بەرەوپێشچوونی رەوشی ئافرەت لە هەرێمی کوردستان کە ئافرەت لە یەکێك لە دەسەڵاتە گرینکەکانی حوکمڕانی و بڕیاردانەدا وجوودی هەبێت.» گوتیشی: «وەکو ئافرەتێك دڵخۆشم کە توانیمان لەو پەیڕەوەدا هەموومان جێدەستی خۆمان دیاری بکەین، کە مێژوویەکی پڕ لە سەروەری دەبێت بۆ خولی چوارەمی پەرلەمان و سوپاسی هەموو پەرلەمانتارانی بەڕێز دەکەم، کە نەك تەنیا ئافرەتان، بەڵکوو پیاوانیش پشتیوانییان لەو بڕیارە کرد، ئەوە مایەی خۆشحاڵی بوو، هیوادارم لەمەودوا ئافرەتی ئێمە تەنیا لە کاردا بەشدار نەبێت، بەڵکو خاوەن قەرار بێت و بتوانێت بڕیاری خۆی بدات، ئەگەر پرۆژەی بەشداریی ئافرەت بە رێژەی ٣٠٪ لە حکومەت و دەسەڵاتی جێبەجێکاریش پەسەند بکرێت، کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، ئەوا بەڕاستی دەستکەوتێکی گەورەی دیکەیە و خەرمانێکی دیکە دەچێتە سەر ئەو مەڵۆیە کە چەندین ساڵە ئافرەتی ئێمە هەوڵی بۆ دەدەن و ماندووبوونی بۆ دەچێژن.»

د. سورەیا فەلاح چالاکی مافی ژنان و کەسایەتیی ئەکادیمی لە ئەمریکا، سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە: «بۆ ئەوەی بزانین تا چەندە بەشداریی ئافرەتان لە پەرلەمانی وڵاتێکدا دەتوانێت لەسەر وەزع و چارەسەری گیروگرفتی وڵاتەکە کاریگەری دەبێت، پێویستمان بە زانستێك لە سەر وڵاتانی دیکە هەیە.» هاوکات دەڵێت: «ژمارەی بەشداریی ژنان لە پەرلەمانەکانی وڵاتانی دنیادا زور نییە. بەپێی ئامارەکان زیاتر لە٤٠٪ی پەرلەمانی وڵاتان کەمتر لە ١٠٪ی پەرلەمانتارەکان ژنن، واتە تەنیا چەند وڵات هەن کە رێژەی بەشداریی ژنان زیاتر لە ١٠٪ی تێپەڕاندووە. کاتێك کە پێوەندیی سەرکەوتوویی و رێژەی بەشداربوونی خانمان لە وڵاتان هەڵدەسەنگێنین، پێوەندییەکی پۆزەتیڤ و باش دەکەوێتە بەر چاو. بۆ نموونە: وڵاتانی رواندا و بۆلیڤیا بەرزترین رێژەی بەشداربوونی ئافرەتیان لە پەرلەماندا هەیە. ئەم رێژە بەرزەی بەشداربوونی ژن لە پەرلەمانی ئەو وڵاتانەدا لە سەر پرۆسەی یەکسانیی رەگەزی کاریگەری زۆری داناوە و یارمەتیدەری عەدالەتخوازی و دەرچوونی یاسای دادپەروەرانەی زیاتر بووە.» گوتیشی: «پەرلەمان دەستکەوتی دیموکراسیخوازییە و پەرلەمانی هەر وڵاتێك یەکێك لە گرینگترین و گەورەترین پێگە بەرزەکانی حوکمڕانییە کە هێزی یاسادانانە و کاتێك ئافرەتێك لە سەرکردایەتیی ئەو هێزەدا بێت، بێگومان پرۆسەی چارەسەری کێشەوگرفتەکانی کۆمەڵگە بەهێزتر و دادپەروەرانەتر دەکات. ئەمە بە مەرجێك کە ئەو ئافرەتە کارامە و بەتوانا بێت و بتوانێت بە بێ جیاوازی گرینگی بە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بدات. هەروەها پرۆژەی بۆ پەروەردە، راهێنان، وەبەرهێنانی گەنجان، چاودێریی بەساڵاچووان و بێ سەرپەرستان و...هتد هەبێت. هەروەها یەکێك لە مەرجە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی پەرلەمانتار، ئەوەیە کە نوێنەری راستەقینەی کۆمەڵگە بێت، نە تەنیا خۆی بە نوێنەری حزبێك بزانێت و تەنیا کار بۆ بەرژەوەندییە بەرتەسکەکانی خۆی و حزبەکەی بکات.»

د. سورەیا فەلاح وێڕای دەستخۆشیکردن لە پەرلەمانی کوردستان بە هۆی ئەو بڕیارە مێژووییەی کە بە یاسا جێگیر کرا لە یەکێك ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ئافرەت بێت، گوتی: «ئەو یاسا و بڕیارەی کە لە یەکێك ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان دەبێت ئافرەت بێت، هەنگاوێکی مێژوویی و زۆر گرینگە و دەکرێت وەك رەمزێکی پێشکەوتنی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەیر بکرێت، ئەوەش بەتەنیا بەرهەمی کرانەوەی پیاوی سیاسی بەرامبەر بە ئافرەت نییە، بەڵکو بەرهەمی توانا و کارامەیی و کۆششی خودی ژنانە کە سەلماندوویانەوە لە ئیدارەکردنی وڵاتیشدا دەتوانن رۆڵی کاریگەریان هەبێت.» گوتیشی: «ئەگەرچی وەزعی کوردستان لە ئاستێکدا نییە کە لە ئامار و داتا نێونەتەوەییەکاندا وەك وڵاتێکی پێشکەوتوو بتوانین باسی بکەین، بەڵام بۆ ئێستا و داهاتووی کوردستان زۆر گرینگ و مێژووییە کە ئافرەتێك بتوانێت سەرکردەی هێزێکی حوکمڕانیی وڵاتەکەی بێت.»

عارف روشدی راوێژکاری پارتی دیموکراتی کوردستان، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ئافرەت لە کومەڵگەی کوردیدا هەمیشە رێزلێگیراو بووە، بێجگە لە هەندێ کردەوەی نابەجێ لەلایەن هەندێ توێژی دواکەوتوو نەبێت، ئافرەت بەشداری هەبووە

**چەسپاندنی ئافرەتێک لە سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان دەستکەوتێک نییە تەنیا بۆ کاری سیاسی و پەرلەمانی، بگرە تەکانێکی زۆر گەورەیە لە بەرەوپێشچوونی رەوشی ئافرەت لە هەرێمی کوردستان کە ئافرەت بتوانێت لە یەکێک لە دەسەڵاتە گرینکەکانی حوکمڕانی و بڕیاردانەدا وجوودی هەبێت**

**بەپێی ئامارەکان زیاتر لە٤٠٪ی پەرلەمانی وڵاتان کەمتر لە ١٠٪ی پەرلەمانتارەکان ژنن، واتە تەنیا چەند وڵات هەن کە رێژەی بەشداریی ژنان زیاتر لە ١٠٪ی تێپەڕاندووە**

**ئەگەر پرۆژەی بەشداریی ئافرەت بە رێژەی ٣٠٪ لە حکومەت و دەسەڵاتی جێبەجێکاریش پەسەند بکرێت، کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، ئەوا بەڕاستی دەستکەوتێکی گەورەی دیکەیە و خەرمانێکی دیکە دەچێتە سەر ئەو مەڵۆیە کە چەندین ساڵە ئافرەتی ئێمەی هەوڵی بۆ دەدەن**

لە پرۆسەی سیاسی و شۆڕشەکانی گەلەکەماندا بە شێوەیەکی ڕێژەیی، بەڵام لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ و دامەزراندنی دامودەزگاکانی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا، ئاستی بەشداریی ئافرەت لە بوارە گشتییەکاندا لەوانە لە پەرلەمان، وەزارەت و سەرجەم دامەزراوەکانی دیکەدا و تەنانەت لە سەرکردایەتیی حزبە سیاسییەکانیشدا بەرەو هەڵکشان بووە، بۆیە بڕیاردان لە بارەی بوونی ئافرەتێك لە پێکهاتەی سەرۆکایەتیی پەرلەماندا، درێژەپێدەری ئەو بەشداربوونەی ئافرەتانە لە کومەڵگەی سیاسیدا، ئەوەش هەنگاوێکی واتادارە لە ئاستی پەرەسەندنی کرانەوە بەرامبەر بە گەشەدان بە پرۆسەی یەکسانیخوازی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، زۆریش گرینگە ئافرەت بتوانێت بە تواناکانی خۆی لە هەموو پلەکانی بەرپرسیارەتیدا بوونی خۆی بسەلمێنێت، ئومێددەکەم بتوانین لە کاتیکی گونجاودا ئافرەتان بەدەر لە سیستمی کۆتا بگەنە ئەو ئاستە.».

یاساناس یادگار مەحموود، ڕایوایە: «کورد بە دەستنیشانکردنی ژنێك بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان دەیسەلمێنێت کە کەلتوور و تێڕوانینی بۆ ژن لە نەتەوەکانی دیکەی ناوچەکە جیاوازە و بە کەلتووریش دیموکراتە و کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن لە هەست و نەستیدا بوونی هەیە ؛ گوتیشی: «وێڕای بارودۆخی سەختی سیاسی، بەربەستە ئایینی و کەلتوورییەکان ژنی کورد بەراورد بە ژنانی نەتەوەکانی ناوچەکە کە کیانی سەربەخۆشیان هەیە، لە ئاست بەدەستهێنانی مافە سیاسی و مەدەنییەکاندا چەندین هەنگاو لە پێشە، بەڵام دوای چەندین خولی پەرلەمان، سەرۆکایەتیی پەرلەمانی پێ نەدراوە. بێگومان دەستنیشانکردنی ژنێك وەك سەرۆکی پەرلەمان، یان ئەندامێکی سەرۆکایەتیی پەرلەمان کاریگەری ئەرێنی دەبێت لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە. لەسەر ئاستی ناوخۆ هۆکارێکی گرینگە بۆ بەهێزبوونی دیموکراسی. بەهێزکردنی ئەو چەمکەش لە خێر و بەرژەوەندیی گشتیدایە، چونکە هەر کۆمەڵگەیەك چینێك بچەوسێنێتەوە، دیموکراسیی ڕاستەقینەی تێدا نایەتەکایەوە. یەکێك لە پرەنسیپەکانی دیموکراسیش یەکسانی نێوان ڕەگەزەکانە لە مافە سیاسی و مەدەنییەکاندا. ئەم یەکسانییە لە مافەکاندا هاوسەنگییەك دروست دەکات لە ئاستی جیاوازدا، ئەم هاوسەنگییەش پرۆسەیەکە کە بەرەو دیموکراسیکردنی کەلتوور هەنگاو دەنێت و دواجار کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و مۆدێرن بەرهەم دێت. ئەم دۆخەی ناوەوەی کۆمەڵگە، وەك کیانێك، لێرەدا مەبەست لە هەرێمە، هەرێم دەباتە قۆناغێکی ترەوە لە ئاستی دیپلۆماسی و سیاسیدا، کە دواجار دەچێتە خزمەت کەیسە سیاسییەکەی کورد. وڵاتانی پێشکەوتوو خێراتر پەیوەندی لەگەڵ دیموکراسیدا دەبەستن و بەمەش کورد بە دەرەوەی خۆی دەڵێت کە ئێمەی کورد جیاوازین لە نەتەوەکانی ناوچەکە، بە کەلتووریش دیموکراسین» .

عەونی حەمید عەلی ڕاوێژکاری پەرلەمانی کوردستان، لە دەستپێکی وتەکانیدا دەڵێت: «سەرەتا دەستخۆشی لە گۆڤاری گوڵان دەکەم بۆ وروژاندنی ئەم پرسە گرینگە، هەڵبەت بەشداریی کارای ئافرەت لە گشت کایەکانی ژیان پێویستە، نەك هەر لە پۆستە کارگێڕی و سیاسییەکاندا، هیچ کۆمەڵگەیەکیش ناتوانێ بانگەشەی ئەوە بکات کە کۆمەڵگەیەکی زیندووە، ئەگەر ئافرەت ڕۆڵی خۆی لە پەرەپێدان و گەشەکردنی کۆمەڵگەکەدا نەبینێت.» گوتیشی: «هەرێمی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە لە ئاستێکی مامناوەندە، دیارە ئەمەش لەگەڵ مێژوو و پرەنسیپەکانی خەباتی شۆڕشەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد یەك ناگرێتە، ئاخر ئافرەتی کورد کۆڵەگەی سەرەکیی شۆڕشی کوردستان بووە، چ لە ڕووی بەشداریی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆی شۆڕش شان بەشانی پیاو کە ئەمەش نیشانەی هۆشیاریی ئافرەتی کورد بووە بە درێژایی مێژوو تا ئەمڕۆ».

ئەو ڕاوێژکارەی پەرلەمانی کوردستان لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە «لە ڕووی یاساکانی پەرلەمانەوە هەرێمی کوردستان لە بەشی عەرەبیی عێراق پێشکەوتووترە، لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق ڕێژەی کۆتا بۆ ئافرەت ٢٥٪ـە، بەڵام لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ڕێژەکە ٣٠٪ـە.» گوتیشی: «ئەگەر بەراوردێکی خێرای هەرێمی کوردستان بە وڵاتانی ناوچەکە بکەین، دەبینین لە ئاست وڵاتانی کەنداو و تا ڕادیەك بەشی عەرەبیی عێراقیش ڕۆڵی ئافرەتی کورد زۆر بەرزترە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەگەر بە تورکیای جیرانی بەراورد بکەین، ئەوە بەداخەوە دەبینین لە ئاستی پێویست نییە. وێڕای ئەوەش خۆشبەختانە پەرلەمانی کوردستان هەفتەی ڕابردوو هەمواری پەیڕەوی ناوخۆی کرد و لەمبارەیەوە بە یاسا چەسپاندنی کە دەبێت یەکێك ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان ئافرەت بێت، واتە یان سەرۆکی پەرلەمان، یاخود یەکێك لە دوو جێگرەکەی دبێت ئافرەت بێت، لێرەدا وێڕای دەستخۆشی لە پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەم هەنگاوە گرینگە، بەڵام پێویستە ئەوەش بگوترێت کە ئەم گۆڕانکارییە وەك بەخششێك بە ئافرەتی کورد نەدراوە، بەڵکو لەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئافرەتی کورد توانیویەتی شایستەیی و لێهاتوویی خۆی بسەلمێنێت لە پۆستێکی ئیداری، یان سیاسی کە پێی سپێردرابێت، بەهیوای ئەوەی سەرۆکی خولی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان ئافرەت بێت.

**وڵاتانی ڕواندا و بۆلیڤیا بەرزترین ڕێژەی بەشداربوونی ئافرەتیان لە پەرلەماندا هەیە. ئەم ڕێژە بەرزەی بەشداربوونی ژن لە پەرلەمانی ئەو وڵاتانەدا لە سەر پرۆسەی یەکسانیی ڕەگەزی کاریگەری زۆری داناوە و یارمەتیدەری عەدالەتخوازی و دەرچوونی یاسای دادپەروەرانەی زیاتر بووە**

**پەرلەمانی هەر وڵاتێک یەکێک لە گرینگترین و گەورەترین پێگە بەرزەکانی حوکمڕانییە کە هێزی یاسادانانە و کاتێک ئافرەتێک لە سەرکردایەتیی ئەو هێزەدا بێت، بێگومان پرۆسەی چارەسەری کێشەوگرفتەکانی کۆمەڵگە بەهێزتر و دادپەروەرانەتر دەکات**

**ئەگەرچی وەزعی کوردستان لە ئاستێکدا نییە کە لە ئامار و داتا نێونەتەوەییەکاندا وەک وڵاتێکی پێشکەوتوو بتوانین باسی بکەین، بەڵام بۆ ئێستا و داهاتووی کوردستان زۆر گرینگ و مێژووییە کە ئافرەتێک بتوانێت سەرکردەی هێزێکی حوکمڕانیی وڵاتەکەی بێت**

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە ساڵی (١٩٧٢) مرۆڤی تەمەن (٦٥) ساڵ بەرەو سەرەوەی بە «بەساڵاچوو»، پێناسە کردووە، بەپێی ئامارەکانی هەمان ڕێکخراو، لە ساڵی (٢٠٠٠) نزیکەی (٦٠٠) ملیۆن کەس لەجیهاندا لەم تەمەنەدا بوون، پێشبینی ئەوەشیان کردووە لە ساڵی (٢٠٥٠)، نزیکەی دوو ملیار مرۆڤ بگەنە سەرووی تەمەنی (٦٥) ساڵ، لە کوردستانیش بەساڵاچووان ڕێژەیان کەم نییە و هەرکام لەو بەساڵاچووانەش خوازیاری ئەوەن لەلایەن و حکومەت و خێزانەکانیانەوە ئاوڕی زیاتریان لێ بدرێتەوە. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان ڕاوسەرنجی خۆیان لەوبارەیەوە دەخەنەڕوو.

گوڵان — کۆمەڵایەتی



# بەساڵاچووان

## پێویستییان بە ئاوڕلێدانەوەی زیاتر هەیە

سەرەتا چالاکی مەدەنی ژاکاو محەمەد ئاماژە بەوە دەکات کە: «مرۆڤ وەك بوونەوەرێك لە دەستپێکی هاتنە دنیا، وا ئافرێنراوە تا تەمەنێکی دیاریکراو توانای زاڵبوون بەسەر ئەقڵ و ئیرادەیدا زۆر لاوازە، تا ئەوکاتەی گەشەی عەقڵ و جەستەی تەواو پێدەگات، بۆیە شارەزایانی دەروننناسی کۆمەڵێك رێگا و رەفتاری جیاجیایان دارشتووە بۆ پێگەیاندنی ئەو کەسەی کە لە دوارۆژ دەبێتە تاکێك لە کۆمەڵگە، جا لەتەمەنی منداڵییەوە تا تەمەنی هەرزەکاری و لاوی، بەڵام ئەو کاتەی ئەم قۆناغانەی تەمەن تێدەپەڕن، قۆناغێکی هەستیار دێت کە قۆناغی پیرییە، کە قۆناغێکی سەختترە لە قۆناغی سەرەتایی و پێگەیشتن، چونکە سرووشتی پیری وایە هەندێك لە سیفەتەکانی قۆناغی سەرەتایی هەڵدەگرێ، خۆشبەختانە لە کۆمەڵگەی کوردی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی کەمتر حاڵەتی پشتگوێخستن و خستنە سەر شەقامی بەساڵاچووان دەبینرێ، (ئەگەرچی بینراویشە کە رووبەڕووی ئەم حاڵەتانە بوونەتەوە، بەڵام هەر چەند حاڵەتێك بووە و نەبووەتە دیاردە). بەگشتی ئەوەی گرنگە و جێگای سەرنجە، ئەوەیە کە ئایا لە ماڵەوەو لە نێو خێزانەکاندا رەفتارکردن چۆنە لەگەڵ ئەم چینەی کۆمەڵگە؟ بەداخەوە لەو خاڵەدا هەندێك لە تاکەکانی ناو خێزان هەریەك لە کچ و کوڕ و نەوە، زۆرجار ناتوانن سایکۆلۆژیەتی بەساڵاچووان رەچاو بکەن، چونکە سیفەتی بەتەمەنداچوون وایە هەستیاری بەرامبەر دەوروبەر دروست دەکەن، زۆر لە بەساڵاچوان خۆیان وەك بارێکی قورس و میوانێکی نەخوازراو دێتە بەرچاو لەماڵی کچ و کوڕەکانیان، بۆیە لەو حاڵەتانەدا وشەیەکی کەمێك زبر دەروونیان دەڕووشێنێ، سەرەکیترین رەفتار کە پێویستە بەرامبەر بەساڵاچووان بنوێنرێ، پشوودرێژییە، چونکە بیروباوەڕ و ئایدیای ئەو جۆرێکە و سەردەمێکە، تاکی خێزانیش وەك کوڕ و کچ و نەوە جۆرە بیرکردنەوەیەك و سەردەمێکی ترە، بۆیە گەلێك جاران نارەزایی و ترازان و قبووڵنەکردنی تەمەنداران بەرامبەر هەندێك هەڵسوکەوت و پێشهاتە تایبەتەکانی ناو خێزان، پێویست دەکات پشوودرێژانە مامەڵەی لەگەڵ بکەن، بەتایبەت ئەوانەی تووشی لەبیرچوونەوە و گۆڕانی باری دەروونی و عەقڵی بوون».

رۆژنامەنووس هەڵبەست ساڵح، رایوایە: «بەساڵاچووان، لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا خاوەن پێگەیەکی باڵا و رێزێکی زۆرن، واتە ئەو توێژەن، کە بۆ هەمیشە رێزلێگیراون، بەڵام لە هەر کۆمەڵگەیەك ژیان و تایبەتمەندێتی بەساڵاچووان جیاوازی هەیە، ئەگەر نموونە بە کۆمەڵگەی کوردی بهێنینەوە، کە کۆمەڵگەیەکی تایبەتە و تێیدا بەساڵاچووان نەبوونەتە بارگرانی و ئەرك بە سەر منداڵەکانیاندا، مەگەر لە هەندێك حاڵەتی دەگمەن نەبێت، بەڵکوو بوونەتە رێنیشاندەر و رێنماییدەری ژیان بۆ منداڵەکانیان بە کوڕ و کچەوە و هەروەها بۆ گەنجان، لە بەرانبەر ئەوەشدا گەنجان خۆشەویستییەکی لە رادەبەدەریان بۆ پیاوی پیر، یان ژنی پیر هەیە و موراعاتێکی زۆریان دەکەن لە رووی هەستپێدان و باری داراییەوە، چونکە ئەوان ناتوانن بەپێی توانا کار بکەن و بژێوی ژیانیان دابین بکەن، بەوەش هەست ناکرێت بەساڵاچووان دڵخۆش نەبن، چونکە پەیوەندییەکی بەهێزی دوو سەرە هەیە لە نێوان گەنجان و بەساڵاچووان، بگرە لە زۆر بابەتیشدا، کە ناوی بە ساڵاچووان دەهێنرێت، بە ئاوەدانی و رووناکی ماڵ ناودەبرێن، بەڵام ئەو قسانەش بەو واتایە نییە لە ژیانیاندا بێ ئاریشە بن، چونکە لە ژیاندا کەس بێ کێشە نییە و نابێت، بەڵام ئەوەی گرنگە، پەیوەندییەکی زۆر باش هەیە لەنێوان گەنجان و بەساڵاچووان لە ماڵ و زۆریش خۆشەویست و رێزلێگیراون، بەوپێیەی کوڕ و کچ لەژێر رێنمایی و فەرمانی دایك و باوك دەرناچێت، ئەگەر خودان ماڵ و منداڵی خۆشیان بن، ئەوەش بووەتە جێی شانازی دایکان و باوکان.»

توێژەری دەروونی سازان بەکر، هێما بۆ ئەوە دەکات: بەساڵاچووان جێگەی رێزن نەك بەزەیی، چونکە هەوڵ و کۆششی ئەوان نەوەی نوێی هێناوەتە بەرهەم، هاوکات لە پرۆسەی پیریدا هەندێك گۆڕانکاری دێتەئاراوە لە گەشەکردنی مرۆڤدا، ئەو گەشەیەی زۆربەیان بە بەرەو پاشەوەچوون نیشان دەدات، بەڵام دەتواندرێت کار لەسەر ئەو گۆڕانکارییانەی کە دێنەئاراوە بکرێت، تاکو ژیانیان بە شێوەیەکی ئاسانتر لەوەی کە هەیە تێپەڕێت.» گوتیشی «بەداخەوە لە بارودۆخی ئێستادا لای زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگە پیر و بەساڵاچوو بە بارگرانی دەزانرێن و تەنانەت ئەندامانی خێزانەکەیان زۆربەیان وەکو پێویست خزمەتیان ناکەن و رێزیان لێ ناگرن، ئەوەش باری دەروونیی کەسی بەساڵاچوو خراپتر دەکات و وای لێدەکات هەست بە بێزاری بکات و خۆزگە بە مەرگ بخوازێت، هەموو ئەوانە دەرهاوێشتەی ژینگەیەکی ناتەندروست و ناتەواوە، دەکرێ بە هەموان ئەو رەوشە خراپە بگۆڕین بۆ رەوشێکی باشتر، بۆ ئەوەی بەساڵاچووان ئەوەندە ژیانەی ماویانە بە سەربەرزی و سەرفرازی بەسەری بەرن و

**زۆر لە بەساڵاچوان خۆیان وەک بارێکی قورس و میوانێکی نەخوازراو دێتە بەرچاو لەماڵی کچ و کوڕەکانیان، بۆیە لەو حاڵەتانەدا وشەیەکی کەمێک زبر دەروونیان دەڕووشێنێ**

**نەتەوە یەکگرتووەکان رۆژی ١ی تشرینی یەکەمی وەک رۆژی بەساڵاچووان دیاری کرد بەو ئامانجەی کە ئەو چینە ماندووە قەرەبووی زەحمەت و ئەرکی رابردوویان بکرێتەوە**

**خەمۆکی لەو بەساڵاچووانەی لە خانەی بەساڵاچوواندا دەژین، ٧٠٪ زیاترە لەو بەساڵاچووانەی لەگەڵ خێزانەکانیان دەژین**

لە ژیانێکی شایستە بە خۆیان بژین، چونکە ئەوان بە هۆی خراپیی باری تەندروستییان و کەم هێز و کەم تواناییان هەمیشە دڵەڕاوکێیان هەیە، دڵەڕاوکێ لە پەککەوتەیی و لە زەلیلی و لە مردن، ئەوانە فشارێکی گەورەی دەروونی لەسەر بەساڵاچوو دروست دەکات، بۆیە پێویستە هەر هەموومان جگە لە خزمەتکردنیان و چاودێریکردنیان بەردەوام دڵنەواییان بکەین و دڵیان بدەینەوە.»

لە توێژینەوەیەکی پزیشکانی بێسنوور ئاشکرا کراوە کە پیش گەیشتن بە تەمەنی بێ ئومێدی، خەمۆکی لە ئافرەتاندا زیاترە لە پیاوان، بەڵام لە تەمەنی خانەنشینی، یان پەککەوتنی پیاوان بە هۆی گوشاری زۆرەوە لە پیاواندا زیاتر دەبێت. وەکو چارەسەری نەخۆشی، خەرجی ژیان، دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون کە ئەمانە دەبنە هۆکارێك بۆ ئەوەی پیاوان لەو تەمەنەدا زیاتر تووشی خەمۆکی بن. لە تەمەنی بەساڵاچوویدا ئاماری خەمۆکی هەردوو ڕەگەز تا رادەیەك وەکو یەکە، بەڵام خەمۆکی لەو بەساڵاچووانەی لە خانەی بەساڵاچوواندا دەژین، ٧٠٪ زیاترە لەو بەساڵاچووانەی لەگەڵ خێزانەکانیان دەژین. ژمارەیەکی زۆر لەو بەساڵاچووانەش بە هۆی گوشاری ئەندامەکانی خێزانی خۆیان، جگە لە خەمۆکی تووشی چەندین نەخۆشیی دەروونی دەبن.

توێژەرەکان گوتوویانە کاتێك کەسێکی بەساڵاچوو تووشی خەمۆکیی دەبێت، کاتێکی زۆرتری دەوێت بۆ چاکبوونەوە لە نەخۆشییەکە یان کۆنترۆڵکردنی توندییەکەی.

لە ڕووی تیۆرییەوە وەها لێکدەرێتەوە کە کەسانی بەتەمەن هەم ئەگەری زۆرترە تووشی خەمۆکیی ببن و هەم خەمۆکییەکەیان توندتر دەبێ، بەهۆی چەند هۆکارێکی ڕێگەخۆشکەر لەواندا، لەوانە: هەبوونی نەخۆشییە درێژخایەنەکان، تەنیایی و شێوازی ناتەندروستانەی ژیان هەندێکجار بە ناچاریی، بەو پێیەی توانای وەرزش و چالاکیی جەستەییان کەمترە و لەڕووی خۆراکیشەوە هاوشێوەی گەنجەکان ناتوانن خۆراکی تەندروستانە بخۆن.

بەڵام توێژەرەکان دەڵێن تەنانەت پاش وەلانانی کاریگەریی ئەو هۆکارانەش، خەمۆکیی کەسانی بەتەمەن هەر توندترە و کۆنترۆڵکردنیشی ئەستەمترە. لە کوردستانیش خەمۆکیی کەسانی بەتەمەن بڵاوە.

بەپێی توێژینەوەیەکی زانستی کە لە ساڵی ٢٠١٤ لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە، زیاتر لە نیوەی هاووڵاتیانی سەرووی ٦٥ ساڵ لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا نیشانەی خەمۆکییان هەیە و وەك پێویست گرنگی بە باری دەروونییان نادرێت، هەرچەندە پزیشکانی دەروونی دەڵێن بەتەمەنەکان توێژێکی ناسکن و دەبێت لە بنکە و یەکە تەندروستییەکاندا یەکەی تایبەت بە چارەسەری دەروونی و جەستەییان بۆ بکرێتەوە.

بەشدارانی توێژینەوەکە ٦٥٠ کەسی بەتەمەن (٣٩٨ پیاو و ٢٥٢ ژن) بوون کە لە سلێمانی ٣٤٨ بەساڵاچوو، لە هەولێر ١٦٨ و لە دهۆکیش ١٣٤ بەساڵاچووی گرتەوە.

تێکرای ڕێژەی بەربڵاویی نیشانەکانی خەمۆکی لەنێو بەتەمەنەکانی هەرێمی کوردستاندا ٦٤،٢٪ بووە و بەپێی شارەکانیش بەم جۆرە بووە: هەولێر ٦١,٩٪، سلێمانی ٦١,٥ ٪ و دهۆکیش ٧٣,٩٪.

تەمەنی بەساڵاچوونە دوو بەشە کە بریتین لە بەساڵاچووی چالاك کە ئەو کەسانەن لە نێوانی (٦٥) هەتا (٧٠)ساڵیدان. بەساڵاچوونێکی دیکە هەیە پێی دەڵێن گەورە کە دەکاتە ٧٥ ساڵ بەرەو ژوورتر، لەبەر ئەوەشە وڵاتانی جیهان تەمەنی ٦٠ هەتا ٦٥ بۆ خانەنشینی دادەنێن.

لە کۆتایی ئەم ڕاپۆرتەدا ماوە بگوترێ تا ئێستادا ئامارێکی فەرمی لەسەر ژمارەی بەساڵاچووان لە هەرێمی کوردستان لە بەردەست نییە، خانەی بەساڵاچووان بە پێی یاسای خۆی بۆ پیاوان سەرووی ٦٠ ساڵ وەك بەساڵاچوو دەناسرێت و بۆ ژنان سەرووی ٥٥ ساڵ بەساڵاچوو دادەنرێت، تەنانەت لە هەرێمی کوردستان یاسایەکی تایبەتی بۆ بەساڵاچووان بوونی نییە، بەڵام پەرلەمان پرۆژەیاسایەکی بەدەستەوەیە بە ناوی پرۆژەیاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی، ئەو پرۆژەیاسایە چینی بەساڵاچووانیش لە خۆ دەگرێت. لە شاری هەولێریش تەنیا یەك خانەی تایبەت بە بەساڵاچووان هەیە، ئەو خانەیە سەر بە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتییە لە ٢٠١١/٥/٢٤ دامەزراوە، نزیکەی ٧٠ بەساڵاچوو لەخۆدەگرێت، سێ مەرجی وەرگرتنی هەیە، یەکەم دەبێت خەڵکی هەرێمی کوردستان بێت، دووەم دەبێت پیاو لە ٦٠ ساڵ تێپەر بووبێت و ئافرەتیش لە ٥٥ ساڵ و سێیەم ناکرێت هیچ نەخۆشییەکی گواستراوەی هەبێت.

نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕۆژی ١٤ کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٠دا لە کۆبوونەوەیەکی گشتیی خۆیدا، ڕۆژی ١ی تشرینی یەکەمی وەك ڕۆژی بەساڵاچوون دیاری کرد. ئەوەش بەو ئامانجە بووە کە ئەو چینە ماندووە قەرەبووی زەحمەت و ئەرکی ڕابردوویان بکرێتەوە.

**لە بارودۆخی ئێستادا لای زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگە پیر و بەساڵاچوو بە بارگرانی دەزانرێن و تەنانەت ئەندامانی خێزانەکەیان زۆربەیان وەکو پێویست خزمەتیان ناکەن و ڕێزیان لێ ناگرن**

**بەساڵاچووان جێگەی ڕێزن نەک بەزەیی، چونکە هەوڵ و کۆششی ئەوان نەوەی نوێی هێناوەتە بەرهەم**

**خۆشبەختانە لە کۆمەڵگەی کوردی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی کەمتر حاڵەتی پشتگوێخستن و خستنە سەر شەقامی بەساڵاچووان دەبینرێ**